# هەڵشاخان بەڕووی تاریکیدا

(پێشکەشە بەو ئافرەتەی نەیهێڵا بەزۆر لاقەی بکەن)

## باوکی ئایار

چوار ڕۆژ لەمەوبەر، کاتێك لە دەوامی ئاسای خۆم گەڕامەوە، کە نزیکی ماڵ خۆمان بوومەوە لە سمود(ڕزگاری)، قەرەباڵەغی و هەراو هوریایەکی زۆرم بینی، منیش بۆ زانینی ئەو ڕوداوە لەماڵ خۆمانم پرسی ئەوە چییە؟ لەوەڵامدا وتیان ئەوە ڕوداوێکی سەیروسەمەرەی دوورو درێژەو ناکرێ وا بەئاسانی و بەسەر پێوە باسی بکەین، وەرە ژوورەوە با بەدووری درێژی بۆتی باس بکەین وەك ئەوەی دەیگێڕنەوە، وتیان:

ئەوە کابرایەکە خەڵکی ڕزگارییەو بەرپرسیشەلە شارۆکەیەکی سەرسنوور(تازە ڕزگار کراو)، خاوەنی دووژنە، چووە ئافرەتێکی لەگەڵ خۆی هێناوە بەمەبەستی سەردانی کردنی مێردەکەی کە لەسەر دزی کردن گیراوە لای ئاسایش، دیارە کاکی بەرپرس هەرچۆنێك بێك خزم یا ناسیاری ئافرەتەکە بووە، ئافرەتەکەش ئافرەتێکی زۆر جوان بوو، منداڵێکیشی پێ بووە، ئافرەتەکە عەرەب بووەو مێردە گیراوەکەی کورد بووە، کە گەیشتوونەتە ڕزگاری کاکی بەرپرس و شۆفێر(یەك کەسن) بە ئافرەتەکە دەڵێت بێ لە پێشەوە دانیشە، ئەویش ئەڵێت نا، ئاساییە من لە دواوە دادەنیشم، ئافرەتەکە لە نیاز خراپی پیاوەکە ئاگاداردەبێت، پیاوەکە پێی دەڵێت( ئێستا دەتبەم بۆ ئەو دەشتەو هەموو ئیشێکت لەگەڵ دەکەم و دەنگیش بکەیت یەك فیشەکت پێوەدەنێم) چونکە لە چۆڵاییەکەی بەینی دوو گەڕەکدا دەبن ئافرەتەکە ناوێرێت هیچ بڵێت، تا دەگەنە ناو کۆڵانەکەو ئافرەتەکە کە دەبینێت خەڵك زۆر بەدەرەوەیە دەرگای سەیارەکە دەکاتەوەو ڕادەکاتە ماڵێکەوەو ئەڵێت ئەم پیاوە نیازی خراپە بەرانبەرم و فریام بکەون، کاکی شۆفێریش دەڵێت ئەم ئافرەتە شێتەو بمدەنەوە بیبەمەوە، کە دەزانن درۆ دەکات، نایدەنێ، دواتر شۆفێرەکە تەلەفۆن بۆ برادەرێکی عارەبی دەکات و پێی دەڵێت شتێکی وا بووەو بێ خۆت بکە باوکی با ئابڕومان نەچێت و ئافرەتەکەمان بدەنەوە، عارەبەکەش دێت و دەڵێت من باوکی ئەو کچەم و کچەکەم شێتەو تەواو نیەو نەخۆشی دەروونی هەیەو بمدەنەوە بابیبەمەوە بۆ ماڵ خۆمان، کچەکەش کە بەزمانی عەرەبی قسەدەکات، بەعارەبی دەڵێت ئەوە باوکم نیەو درۆدەکات، خوا لەوەدا ڕەحم دەکات یەکێك لە دراوسێکانی ماڵەکە عارەبی دەزانێت و لە مەسەلەکە تێدەگات کە ئافرەتەکە بۆی دەگێڕێتەوەو بۆیە لە ڕێگای ئەندام کۆمیتەیەکی ڕزگارییەوە پۆلیس ئاگاداردەکرێتەوەو بەرپرسەکە هەڵدێت و ئافرەتەکەو عارەبەکە دەبەن بۆ بنکەی پۆلیسی ڕزگاری و دواتر ئافرەتەکە ڕزگاردەکەن، منیش بۆ ڕێزلێنان لەو ئافرەتە، ئەو ئەندام کۆمیتەیەم دواند کە پۆلیسی ئاگادارکردبووەوەو بە دوورودرێژی ڕووداوەکەی بۆم گێڕایەوەو باسی لە مەردی و ئازایەتی ئەو ئافرەتە دەکرد کە چۆن زیرەکانە خۆی لە چنگی ئەو پیاوە ڕزگار کردووەو لە کۆتایدا ووتی :

ئافرەتێکی زۆرجوان و زۆر مەرد بوو، وابزانم لە بنەڕەتدا خەڵکی دەووری بەغدایەو ئێستا لە ناوچەیەکی کورد نشینی سەرسنووردا دادەنیشێت، مێردەکەی لای ئاسایشەو ئەو پیاوە ووتوویەتی بێ من دەتبەم با مێردەکەت ببینی و ئاوای بەسەردا هاتووە، وتی ئەگەر مەرد نەبووایە ئاوهای نەدەکرد، ووتی بەم ڕۆژگارە خەڵك دەبرێتەدەرەوە، ئەویش ئەیتوانی ئەوە بکات، بەڵام مەردبوو نەیکرد.